www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:12 15-2-2007

## دەنکەفاسۆلیاکانی کوردستانپۆست ... لێزان کانی وەتمانی

ئەوەی بۆمنیش مایەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە هەمووشۆڕشێکی ڕۆشنبیری لەدنیادا لەسەردەستی ڕۆشنبیران و دەرچوانی زانکۆکان بەگشتی هاتۆتە ئاراوە بەڵام بۆ ئێمەی کورد لەوەشیاندا مەسەلەکە پێچەوەانەیەو ئەوەتا هەندی لەو بەناو خاوەن بڕوانامەو ڕۆشنبیرانەی (کوردستانپۆست) کە لەوەتەی هەن لەپەراوێزدا هەڵسوڕاوبوون و جگە لەخستنەوەی گووتاری پڕو پووچ و بێماناو بێبنەما چییەکیتریان نەکردوە و لەدەست هەڵنەوەریوە، هاتوون شۆڕشی چێچەوانەو دەمارگیرییان هەڵگیرساندووەو سەرەڕاش هەڵوێستی بەشینەوە و پێشکەشکردنی مەعریفە بەکۆمەڵگاسەرگەردانەکەیان دەفرۆشنەوە، لەکاتێکدا ئەوبابەتانەی ناوەرۆکێکی مەعریفییان هەبووە و بڵاویانکردوونەوە لەپەنجەی دەست تێنەپەڕیون و دڵنیاشم ئەوانە نوسەرو قەڵەی دڵخوازنووسی کوردستانپۆست نەبوون و نین، چونکە ڕیتمی کاروبڵاوکردنەوەی کوردستانپۆست دیارو ئاشکرایە کەڕیتمی موخابەڕاتی و هەوڵی لەبەین بردنی دەستەڵات و حکومەتی هەرێمی کوردستانەو هەموو ڕۆژێك وێڕای سوتاندنی تەڕو پووش بەیەکەوە جاڕی ڕاپەڕین بەناوی خەڵکی کوردستانەوە لێدەدەن، نەفەسی کوردستانپۆست نەفەسی هزرێکی دۆڕاو و چاپخانەیەکی ووشە فرۆشە و کاتێکیش کەکاری نوسین و بڵاوکردنەوە بەتایبەتیش لە ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی بکەوێتە بندەستی کۆمەڵە کەسێکی شێت و چۆڕاوە (بەناوی باوەڕبوون بەئازادی ڕەها) لەبەهاو مەعریفی و کۆمەڵایەتیەکان، کەسانێك کەهێشتا ددانی ئەقڵیان دەرنەهاتبی و جیاوازی لەبەینی ئەلف و دارتێلی تەلەفوندا نەکەن و. . هیتد. . سەلمێنەری ئەو حەقیقەتەن کە ئەوەی دەینوسن و بڵاوی دەکەنەوە لە دڵسۆزی و بۆ پشاندانی ڕووی ڕاستیەکان نییە ئەوەندەی بۆ ڕاستکردنەوەی معادەلاتی ململانێی سیاسی نێوان خۆیان و بۆ پاساودانی هەڵەشەیی مێژوویی و جێگردنەوەی بێشوێنی خۆیانە لە شیکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و حیزبی و مەعریفی وهەڵاتنیانە لە وولات و نادیارییانە تەنانەت لەدنیای دەرەوەشدا. . ئەگەرنا تێکشکاندن و دەستدرێژیکردنە سەرمێژوو، هەلەبەرئەوەی مێژووە تاوانێکە و پێویستە خاوەنەکەی لەسەر سزابدرێت، بەڵام لە کوردستانپۆست بەناوی باوەڕبوون بەئازادی ڕەها ئەوەی لەگووتن نایەت بڕۆ بڵی، بڵی و گرنگ ئەوە (بەنەوشیروان مستەفا) نەگووترێت، بۆ ئەوەی ئەم حەقیقەتەش شوێنەوونبکرێت دەبی باسەکە تێکەڵکێش و ئاوێتەی بابەتی لابەلابکرێت، واتە ئەوانەی لەپریشکی ئەوشەڕانەوەدوورن پەلکیش بکرێن، ئەوانە واخۆپشاندەدەن کە پەرۆشی ئەو بێسەرو بەری و گەندەڵیەن کە بەرۆکی هەرتاکێکی کۆمەڵی کوردەواری گرتووەو گوایە کارگەشتۆتە ئاستێك سرووشتی کارگێڕی و کۆمەڵایەتی شێواندووە، بەڵام دانەیەکیان بیر لەوە ناکەنەوە کەخودی خۆیان ڕۆلێکی کارا تەنانەت لەپیس کردنی سرووشتی ئەدەبیاتیشماندا دەگێڕن، کێن ئەوانە؟!. . لەکوێوەهاتوون؟!. . ڕابوردوو و چاوگی مەعریفی و وێژەییان چییە؟!چییان ئەوێت؟!. . لەڕاستیدا ئەوانە لەنەبوونەوە هاتوون، نەبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی، نەبوونی پێگەی سیاسی، نەبوونی پێگەی مەعریفی و جوانی و نەتەوەیی و تەنانەت خاوەنی پێگەیەکی مێژوویش نین. ئەڵێن ئەمانەوی کۆمەڵگابکۆڕین بەڵام تواناو ونییەتی تێگەیشتنێکی بابەتییان نییە، ئەیانەوی بڕۆنە بنجووبناوانی دەریاوە و لەتنۆکێك ئاویشدا هەڵدەخلیسکێن و پڕن لەهەڵەشەیی، بانگەوازی شۆڕشێکی زانستی ڕادەگەیەنن و تەڕو وشکیش بەیەکەوە دەسوتێنن، خەڵکیش بەنەخوێندەوار دەزانن و خۆشیان هەرچییەکیان خوێندبی خوێندەوارییان لەلەدەروازەو نەفەسی ئەو چاپخانەیەی تیایدا دانیشتوون و ئەو کتێبانەی پێیاندراوە بۆ خوێندنەوە تێپەڕناکات. ناکری باسی جوانی بکەیت و خۆشت پەیڕەوە نەکەیت، بە جوانیدا هەڵبدەیت و ناخیشت پڕبێت لەناشیرینی، دەربارەی پاکییەتی بنوسی و زمانیشت پڕبێت لەپیسی، کوردستانپۆست لەوانە زۆر دووڕووترە کەبەدوو ڕوویی و دوو دیوی ناویاندەبات،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەوانەی ناتوانن هەڵویستی ڕوون و حەقیقەتی خۆیان ڕابگەیەنن و بگونجێنن تازووە خۆیان لەو بوارەی کاری تیادا دەکەن بکێشنەوە هێشتا سەرکەوتترن، نوسین وەك شارەزایان و ناوداران لەسەری کۆکن زۆرانبازیەکی ڕۆژانەیە لەگەڵ مەرگدا. . بەڵام کامە زۆرانبازی؟!. . ئەو زۆرانبازیە نابی زۆرانبازی ئایدۆلۆژی و ناڕۆشنبێت وەك ئەوە ڕیتمەی کوردستانپۆست کاری لەسەر دەکات و کردوویەتە پیشەو وەزیفەی بەشێك لەوانەی کاری تیادا دەکەن، کەوابوو جیاوازییەك نییە لەنێوان کوردستانپۆست و ئەوانەی کوردستانپۆست بەنوسەری دەستەڵات و ماستاوچییەتی و پەیداکردنی بژێوی ژیان تاوانباریاندەکات. هەربۆیە دەمەوێت بە (عەزیز خدر عەبولا) و هەموو ئەو عەزیزانەی تری کوردستانپۆست و خودی (کوردستانپۆست) یش بلێم من نەهاتووم باسی مەعریفەو مەعریفەش بەئێوەو کەسیتر بفرۆشم تاجەنابتان بەو تۆمەتانە لەحەقیقەتی باسەکەی من کەمبکەنەوەو کاتی خەواڵوو یان سەرخۆشێکیش بێنیتەوە هۆش خۆی بێگومان پێی بڵێیت ئەمەو ئەوەت ووتووە، حەتمەن پێکەنین دەیگری وەك ئەوەی ئێوە کاتی نوسین و خوێندنەوەیەکی جیاواز لەبیروبۆ چوون و تەبلیغاتی خۆتان بەرچاودەکەوی پێکەنینێکی پرلەکینە دەتانگری، سەری قەڵەمی ئێوە وەك دنکە فاسۆلیابەستراوە بەسروشتی ڕەگەزو ئەو خاکەی نەفەسی لێوەر دەگرن، بۆیە ئێوە بەناوی یاخی بوون و ئەو دەروازە ئازادە بۆ کرانەوەی دەمارگیری هەڵویستی یاخیگەرایی خۆتان بەکۆمەڵێ کوردەواری مەفرۆشن، چونکە مومکین نییە لەژیانی فاسۆلیادا جگە لەترو فس کودەتایەك ڕووبدات. . دەمارگیری ئێوە لەوەدایە تائێستاش ناتانەوی بەناویش دان بەهەبوونی (کوردستاننێت) دا بنێن و لە وەڵامۆکەیەکی بی سەرو بەردا دا، دەڵێن سایتەکەی (عومەر فارس!. . ) ئەوەی لەڕابووردووشداو ئەوەی ئێستاش ووتوومە و ئەیڵێم بەخاتری هیچ لەوانە نییە بەڕێزتان باستانکردووە، چونکە تائێستاش باجی حەقیقەت وێژی خۆمم داوە، بەردەوامیش هەوڵدەدەم لەوەنزیکتربمەوە، ئەوەی باسی حەقیقەتیشی کرد مەرجنییە کاسەلێس و وەك ئەوەی ئێوە دەڵێن بەشوێن نان پەیداکردندابگەڕی، چونکە زۆرن ئەوانەی بەشوێن جوانییەکەوەن کە جوانییەکی جوانتریان پی ببەخشێت، نەك ئەوەی کەهەشە لەناوی بەرێت. . وەك ئەوەی ئێوە پەیڕەوی دەکەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.